کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
30-5-2007 22:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕونکردنەوەیەکی پێویست ... بەهێز حوسێن

لە ژێر ناونیشانی (گروپی ڕاچەنین، پاش نووسنەوەی میساق بەرەو هەنگاوی گەورەتر) دیمانەیەکی من بڵاوبۆتەوە، لە ڕاستیدا من و هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم (ڕێژین ئیبراهیم) لەسەر (ئێم ئێس ئێن) قسەمان دەکرد و داوای لێکردم دەربارەی چەند مەسەلەیەکی هاتوو لە (دیمانەکەدا) وەڵامی بدەمەوە و منیش وامکرد، بەڵام ئەو ڕۆژنامەیەی دەبوو لێی بڵاوببێتەوە بڵاوی نەکردەوە و منیش پرسیارەکانم بەهەمان ناوەڕۆکی (ڕێژین) و بەفۆرمی خۆمەوە داڕشتەوە و ناردم بۆ (کوردستان نێت) و لە ژێر نووسینەکەشدا نووسیومە کە ئەو قسانەی لە دیمانەیەکداهاتوون، بۆ (ڕێژین) م کردوون.

بابەتەکە بڵاوبووە و کاک عومەری کوردستان نێتیش بۆ جوانکردنی فۆڕمی بابەتەکە نووسیبووی (ئامادەکردنی: ڕێژین ئیبراهیم) دیارە ئەمە ڕێژینی زۆرنیگەران کردوو وای لێکدایەوە کە ئەمەی بەناوی ئەوەوە کراوە پێشێلکارییەکی گەورەیە بەحەقی ئەو، ئەوکارەی بۆ کوردستان نێت نەکردووە و حەقیشێتی تووڕەبێت بەوەی ئەوکارەی لەم سایتە بڵاوبۆتەوە بەبێ ئەوەی خۆی ناردبێتی، کەمن ئەمە بە حەقی ئەو دەزانم و بۆخۆشم بەرگری لەو مافەی دەکەم، هەربۆیە داوای لێبووردنی لێدەم.

هاوکاتیش دەبوو کاک ڕێژین کە کاتی لێبردووم و قسەی لێوەرگرتبووم بۆ بڵاوکردنەوە، بڵاوی بکردایەتەوە یان لە بڵاونەکردنەوەی ئاگاداری بکردمایەتەوە، بۆ ئەوەی من قسەکانم کە بۆ ئەو کردبوو، بمدایەتە کەس و لایەنێکی تر بۆ بڵاوکردنەوە، چونکە مەبەستم بوو قسەکانم بگات و بڵاوببێتەوە، بەڵام ئەو ئەمەی نەکردوو منیش ئەوەم کرد، من بەم ڕونکردنەوەیە ئەو ئاسوودە دەکەم، ئەگەرچی مافی منیش هەیە کە داوا لە ڕێژین بکەم ڕونکردنەوە و پۆزشهێنانەوە بکات، بەڵام من دەست بەرداری ئەو مافەم دەبم و بەرگریش لە داواکەی ڕێژین دەکەم و ئاوەهاش ئاسوودەتر دەبم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.